Australian Government
Department of Home Affairs

# Status Resolution Support Services Programme
# **Repayment Agreement**
# پرۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت
# **ڕێکەوتنی دانەوەی پارە**

Form
**1448 KURS**
KURDISH (SORANI)

## پرۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت

پرۆگرامی Status Resolution Support Services (خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت (SRSS)) کۆمەکی دارایی ژمارەیەک خزمەتگوزاریی پشتیوانی پێشکەشدەکات. کاتێک کە تۆ دێیتەناو پرۆگرامی SRSS، ئیدی لەوانەیە تۆ مافی وەرگرتنی دەرماڵەکانی SRSS ت هەبێت لەلایەنDepartment of Human Services حکومەتی ئوستراڵیا (وەزارەتی خزمەتگوزاریی مرۆییەکان). وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) دەرماڵەکانی SRSS لەجیاتی Department of Home Affairs (وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (وەزارەت)) دەدا بە تۆ. هەندێکجار لەوانەیە پێشکەشکارێکی SRSS دەرماڵەکان لەجیاتی وەزارەت بدات، بەڵام لە حاڵەتی تایبەتدا.

## ڕێکەوتنی دانەوەی پارەکان چییە؟

ڕێکەوتنی دانەوەی پارەکان (ڕێکەوتن) ڕێکهاتنێکە لەنێوان تۆ و وەزارەت. کە ئەرکی دانەوەی ئەو پارانە دەخاتە سەر شانی تۆ کە لە ئاکامی دانی بڕە پارەیەکی زیاد، یان پارەیەکی پێشوەختە یان بڕە پارەیەک کە وەزارەت نیازی نەبووە بەپێی پرۆگرامی SRSS بیدات بە تۆ کەچی دراون بە تۆ. ئەگەر تۆ بەپێی ئەم ڕێکەوتنە بڕە پارەیەکت وەرگرت کە لەڕاستیدا بەپێی پرۆگرامی SRSS تۆ شایستەی نەبوویت ئەوە لەوانەیە داواتلێبکرێت کە بڕە پارەکە بەسەریەکەوە یان بەشبەش (ئەقسات) بدەیتەوە بە وەزارەت، ئەوەش دەوەستێتە سەر بارودۆخی تۆ. وەزارەت مافی ئەوەی هەیە کە لەڕێگەی سەپاندنی یاسا لە دادگاوە ئەو بڕە پارانە وەرگرێتەوە.

تۆ دەبێت ئەم ڕێکەوتنە بخوێنیتەوەو واژۆی بکەیت پێشئەوەی وەزارەت بەگوێرەی پرۆگرامی SRSS کۆمەکو یارمەتیت پێشکەشبکات، بە دەرماڵەشەوە. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەبوو بۆ تێگەیشتن لە ڕێکەوتنەکە، تکایە لەگەڵ لایەنی بەڕێوەبەری SRSS یان فەرمانبەرێک لە وەزارەت قسەبکە، ئەو دەتوانێت موتەرجیمت بۆ پەیدابکات.

واچاکە تۆ فۆڕمی 1450 *Privacy notice and consent* (تێبینیو ڕەزامەندنی نهێنیپارێزیی) بخوێنیتەوەو تێبگەیت پێشئەوەی ئەم ڕێکەوتنە پربکەیتەوە. فۆڕمی 1450 لە ماڵپەڕی وەزارەت لەم لینکە دەستدەکەوێت **www.homeaffairs.gov.au/allforms/** یان سەردانی نوسینگەیەکی وەزارەت بکە.

## زانیاری گرنگ دەربارەی نهێنیپارێزیی

زانیارییە کەسییەکانت بەپێی یاسا پارێزراون، بەیاسای *Privacy Act 1988* (کارنامەی نهێنیپارێزیی ١٩٨٨) وەش. زانیاری گرنگ دەربارەی کۆکردنەوەو بەکارهێنانو دانی زانیارییە کەسییەکان (بە دامەزراوەو لایەنەکانی دیکە، بە دامودەزگاکانی وڵاتانی دیکەشەوەش)، بە زانیارییە هەستیارەکانیشەوە لە فۆڕمی 1442i *Privacy notice* (تێبینی نهێنیپارێزیی 1442i) دەستدەکەون.

فۆڕمی 1442i لە ماڵپەڕی وەزارەت لەم لینکە دەستدەکەوێت **www.homeaffairs.gov.au/allforms/** یان سەردانی نوسینگەیەکی وەزارەت بکە.

واچاکە فۆڕمی 1442i بخوێنیتەوەو تێبگەیت پێشئەوەی ئەم فۆڕمە پربکەیتەوە.

## ئەم ڕێکەوتنە مانای چییە؟

لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێت تۆ بڕە پارەیەکت بەپێی پرۆگرامی SRSS پێبدرێت کە لە ئەساسدا لەنیازدا نەبووە پێتبدرێت. ئەگەر وادەرچوو، ئەوە تۆ دەبێت بڕە پارەکە بدەیتەوە، جا بڕە پارەکە لە ئاکامی زیاد لەپێویست دانی پارە بێت لەلایەن وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکانەوە) یان لە ئاکامی دانی بڕە پارەیەکی پێشوەخت بێت بەپێی پرۆگرامی SRSS.

ئەم ڕێکەوتنە ئەو ئەرکە یاساییانە دەستنیشاندەکات کە دەکەونە ئەستۆی تۆ لە پەیوەند بە دانەوەی پارەکان. ئەم بڕە پارانە دەکرێت لەڕێگەی یاساوە لە تۆ بسێنرێنەوە بەگوێرەی فەرمانی دادگایەک. ئەم ڕێکەوتنە ڕێگە بە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ دەدات کە پارەکانی سەر تۆ لەو دەرماڵانە ببڕن کە تۆ بەپێی SRSS وەریدەگریت هەروەها دەکرێت لەڕێگەی فەرمانێکی دادگاوە بڕە پارەکان بکرێن بە قەردی وەزارەت لە ئەستۆی تۆدا.

## ئایا پارەی زیاد بەپێی ئەم ڕێکەوتنە چییە؟

لەوانەیە حاڵەتی وا هەبێت کە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) بەهەڵە بڕە پارەیەک بدات بە تۆ. بەمە دەگوترێت پارەی زیاد (overpayment). بۆیە کاتێک کە تۆ زیاد لە هەقی خۆت پارەت پێدرا، ئەوە دەبێت پارەکە بدەیتەوە بە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان). ئەو قەردانەی لە ئاکامی پارەی زیاد پەیدادەبن هۆکاریان زۆرە، لەوانە:

- داخلکردنی داتاکان بە هەڵە یان هەڵەی سیستەم؛
- تۆ وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) ت ئاگادارنەکردبێتەوە لە گۆڕانی بارودۆخەکانی خۆت. بۆنمونە، تۆ داهاتێکی دیکەت پەیداکردبێت یان داهاتی هاوسەرەکەت ئاشکرا نەکردبێت یان ئەوەتا قەرەبۆت لەلایەنێکەوە وەرگرتبێت؛ یان
- تێکدانو خراپکردنی کەلوپەلو موڵکەکان لەلایەن تۆ یان ئەندامێکی خێزانەکەت، بەچاککردنەوەکانی کۆتایی پەیماننامەکە (lease) شەوە.

ئەگەر تۆ لەبەر هەر هۆکارێک پارەی زیادت پێدرا، ئەگەر هەڵەکەش هەڵەی تۆ نەبوو، یان هەڵەکە هەڵەی وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) یان وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بوو، ئەوە داوات لێدەکرێت کە پارەکان وەک قەرد بدەیتەوە بە وەزارەت.

## چی ڕوودەدات ئەگەر من پارەی زیادم وەرگرتبێت؟

ئەگەر تۆ قەرداری وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) بیت، ئەوە تۆ نامەیەکت بۆ دێت کە تێیدا پێتدەڵێن:

- بۆچی تۆ قەرداری ئەوانی؛
- بڕی قەردەکە چەندە؛
- کەی دەبێت بڕە پارەکە بگێڕیتەوە؛ هەروەها
- چۆن پارەکە بدەیتەوە.

ئەگەر بڕە پارە قەردەکەت لە کاتی خۆیدا نەداوە، ئەو دەرماڵەی SRSS، کە لە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) دووحەفتانە وەریدەگریت، بەبڕی پێنج لە سەدا دەبڕدرێت، تاوەکو بتوانی قەردەکە بدەیتەوە. ئەگەرنا، ئەوە وەزارەت لەوانەیە داوای پارەکانی خۆی لەڕێگەی فەرمانێکی دادگایی وەک قەرد بخاتە ئەستۆی تۆ. لەوانەیە ئیدی تۆ پارەی پێشوەختەت لەلایەن وەزارەت پێنەدرێت تا ئەوکاتەی کە هەموو قەردەکان دەدەیتەوە (بڕوانە خوارەوە). ئەگەر تۆ هەر پرسیارێکت هەیە لە پەیوەند بە قەردەکەت یان دەتەوێ لە پەیوەند بە بڕینی بڕە پارەکان قسەمان لەگەڵ بکەیت، تکایە قسە لەگەڵ لایەنی بەڕێوەبەری SRSS بکە یان تەلەفۆن بۆ وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) لەسەر ئەم ژمارەیە 202 131 بکە.

## ئایا پارەی پێشوەختە چییە؟

پارەی پێشوەختە ئەو بڕە پارەیەیە کە دراوە بە تۆ پێش ئەوەی لەکاتی ئاساییدا مافی وەرگرتنیت هەبێت. لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیدا، لایەنی بەڕێوەبەری SRSS ـەکەت لەوانەیە بڕە پارەیەک پێشوەختە بدات بە تۆ. نمونەی حاڵەتەکانی دانی پارەی پێشوەختە ئەمانە دەگرێتەوە:

- بڕە پارەکانی سەرەتا؛
- قەردەکانی کرێی خانو لە پێشوەختدا، هەروەها
- قەردی بۆندی کرێی خانو.

لەوانەیە تۆ مافی وەرگرتنی پارەی پێشوەختەت نەبێت ئەگەر هاتو تۆ:

- هەر ئێستاکانێ قەردێکی دیکەی پارەی پێشوەختە بدەیتەوە؛
- قەرداری حکومەتی ئوسترالی بیت (لەوانە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ)؛

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018

ئەم لاپەڕەیە بەئانقەست بۆشە

Australian Government

Department of Home Affairs

# Status Resolution Support Services Programme
# Repayment Agreement
# پڕۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت
# ڕێکەوتنی دانەوەی پارە

Form **1448 KURS** KURDISH (SORANI)

## ڕێکەوتنی دانەوەی قەردەکان

Department of Home Affairs (وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) وەزارەتی کاروباری ناوخۆ نوێنەرایەتی حکومەتی ئوسترالیا دەکەنو بەپێی پڕۆگرامی Status Resolution Support Services (خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت (SRSS)) کۆمەکی دارایو ژمارەیەک خزمەتگوزاریی پشتیوانی پێشکەش بە تۆ دەکەن.

هەموو یارمەتیو خزمەتگوزارییەکان بەگوێرەی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنە پێشکەشدەکرێن.

واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنە تۆ دەخاتەژێر بەپرسیارێتیەکی یاسایی لەبەرابەر وەزارەت.

**بەندی ١**

**من دەزانم:**

(a) ئەگەر من پارەیەکی زیادم پێدرا یان بڕە پارەیەکم پێشوەختە وەرگرت، ئەوە پارە زیادەکە یان بڕە پارە پێشوەختەکە لە دەرماڵەکەی SRSS ـم لە داهاتودا دەبڕدرێت بۆ دانەوەی قەردەکان.

(b) ئەگەر من زەرەرو زیانم لە کەلوپەلو موڵکە کەسییەکاندا لەو کاتەی کە لە شوێنەکانی حەوانەوەم بەپێی پڕۆگرامی SRSS، ئەوە هەموو ئەو پارانەی کە لەسەرمە یان ئەوانەی بۆ چاککردنەوەی کەلوپەلەکان خەرجکراون ئەوە لە دەرماڵەکەی SRSS ـم لە داهاتودا دەبڕدرێت بۆ دانەوەی قەردەکان.

(c) ئەگەر من بە هەر هۆکارێک پارەی زیادم پێدرا، تەنانەت ئەگەر خەتاکە هی منیش نەبوو یان خەتای وەزارەتی Human Services یان وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بوو، ئەوە دەکرێت پارە زیادەکان لەڕێگەی فەرمانێکی دادگایی وەک قەرد بخرێنە ئەستۆی من.

**بەندی ٢**

**من دەزانم:**

(a) کە لەلایەن وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) یان وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە بڕی قەردەکەو ئەو تاریخەی کە دەبێت قەردەکەی لێبدەمەوە، ئاگاداردەکرێمەوە.

(b) ئەگەر نەمتوانی قەردەکە لە ڕۆژی دیاریکراودا بە تەواوی بدەمەوە، ئەوە دەبێت پەیوەندی بە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) یان وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بکەم تاوەکو ڕێکەوتنێک لەگەڵ وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) بکەم بۆ دانەوەی پارەکە لەڕێگەی بڕینی پارە لە دەرماڵەکەی SRSS ـم لە داهاتودا کە لەوانەیە من وەریبگرم.

(c) ئەگەر ڕێکەوتنێک لەسەر دانەوەی قەردەکان لەڕێگەی بڕینی پارە لە دەرماڵەکەم کرا، ئەوە من ئاگاداردەکرێمەوە لە بڕی پارە بڕاوەکەو ڕۆژانی بڕینی پارەکە کە لە دوارۆژ دێنەپێش.

**بەندی ٣**

**ڕێکەپێدانەکانم بە وەزارەتی Human Services و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ**

(a) ئەگەر من نەگەیشتم بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) یان وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، ئەوە من ڕێگە بە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) دەدەم کە پارە پێدراوە زیادەکان، یان پارە پێشوەختەکان، یان قەردەکان بدەمەوە، بە مەرجێک لە بڕو ڕێژەی پێنج لە سەد لە دەرماڵەکەم تێپەڕنەکات، کە لە دوارۆژ بەپێی پڕۆگرامی SRSS لەوانەیە بدرێن بە من.

(b) من ڕێگەدەدەم بە وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ کە بەڕێژەیەک لە پێنج لە سەد تێپەڕنەکات لە هەر دەرماڵەیەک کە لە دوارۆژ بەپێی پڕۆگرامی SRSS لەوانەیە بدرێن بە من، پارە ببڕێت بۆ دانەوەی هەر قەردێک کە دەکەوێتە سەرشانی من لەژێر پڕۆگرامی SRSS دا.

(c) من دەزانم ئەگەر نەتوانم قەردەکان بدەمەوە لەڕێگەی بڕین لە دەرماڵەکەم وەک ئەوەی لە بەندی (٣) دیاریکراوە، ئەوە دەبێت پەیوەندی بە لایەنی بەڕێوەبەری SRSS و وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکانە) وە بکەم بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەمەوە لە بێتواناییم لە دانەوەی قەردەکان.

**بەندی ٤**

**ڕێگەدانو دانی زانیارییە کەسییەکان**

**من ڕێگەدەدەمو ڕازیم کە:**

(a) وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ هەموو ڕێوشوێنێک لە پەیوەند بە دانەوەی یان وەرگرتنەوەی قەردەکانی من وەربگرن بەپێی ئەم ڕێکەوتنە.

(b) وەزارەتی Human Services (خزمەتگوزارییە مرۆییەکان) و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ هەموو ئەو زانیارییە کەسییەکانەی کە لێیان وەرگرتوم، بۆ مەبەستو ئامانجەکانی پڕۆگرامی SRSS، بەکاربێنن یان بدەن بەم لایەنانە:

i. یەکدی؛

ii. دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی ویلایەتەکان؛

iii. لایەنی بەڕێوەبەری SRSS؛ هەروەها

iv. دامەزراوە ئەمنیو ئاسایشییەکان بە دادگاکانیشەوە.

Please print this form and complete it in English using a pen and BLOCK LETTERS.

Tick where applicable ✓

تکایە ئەم فۆڕمە بە ئینگلیزی پڕبکەوە بەبەکارهێنانی پیتی کەپیتاڵ

نیشانەی ڕاست لە شوێنی پێویست دانێ ✓

## Undertaking

**Individual's details – *to be completed by the individual***

## بەڵێننامە

**زانیارییە کەسییەکان – دەبێت لەلایەن کەسەکەوە پڕبکرێتەوە**

**1** Individual's full name (BLOCK LETTERS)
ناوی تەواوی کەسەکە (بە پیتی کەپیتاڵ)

Family name
نازناو (لەقەب)
[ ]

Given names
ناوی یەکەم
(ناوی تەواو)
[ ]
[ ]

Date of birth
ڕێکەوتی لە دایکبوون
Day ڕۆژ / Month مانگ / Year ساڵ
[ / / ]

Person's ID
ناسنامەی کەسەکە
[ ]

ImmiCard number *(if applicable)*
ژمارەی ImmiCard
(ئەگەر هەبێت)
[ ]

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018

## 2 Acknowledgement

I understand that:

- this Agreement is an arrangement between the Commonwealth of Australia and me.
- the law applying to this Agreement is the law of the Australian Capital Territory (ACT).
- this Agreement can be enforced against me in a court with jurisdiction under the law of the ACT.
- by signing this Agreement, I accept the terms of the above from the Commonwealth of Australia as a legally enforceable arrangement.

پێزانین

من دەزانم کە:

- ئەم ڕێکەوتنە پێکهاتنێکە لە نێوان حکومەتی ئوسترالیو من دا.
- ئەو یاسایانەی ئەم ڕێکەوتنە دەیانگرێتەوە یاساکانی هەرێمی پایتەختی ئوستراليا (ACT) ن.
- ئەم ڕێکەوتنە دەکرێت لە دادگا بەسەر مندا بسەپێنرێت بەگوێرەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی یاساکانی ACT.
- بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنە، من بەندەکانی سەرەوەم لە حکومەتی ئوسترالی قەبوڵە وەک پێکهاتنێک کە دەکرێت بەپێی یاسا بسەپێنرێت.

**Signature of individual**
**واژۆی کەسەکە**

Date / ڕێکەوت: Year ساڵ / Month مانگ / Day ڕۆژ

## 3 Was an interpreter used?

ئایا موتەرجیم بەکارهات؟

- No / نەخێر ◀ You do not need to complete any more questions. Return this completed Agreement to your case worker.

  پێویست ناکات هیچ پرسیارێکی دیکە پڕبکەیتەوە.

  ئەم ڕێکەوتنە بە پڕکراوەیی بدەوە بە کارمەندی کەیسەکەت

- Yes / بەڵێ ◀ **If an interpreter was used in the preparation of this Agreement**, the interpreter must complete their details on page 4.

  The interpreter's details must be confirmed by the individual.

  **ئەگەر موتەرجیم بەکارهات لە ئامادەکردنی ئەم ڕێکەوتنە،** موتەرجیمەکە دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە لاپەڕە ٤ پڕبکاتەوە.

  زانیارییەکانی موتەرجیمەکە دەبێت لەلایەن کەسەکەوە پشتڕاستبکرێنەوە.

## Interpreter's details – *to be completed by the interpreter*

## زانیارییەکانی موتەرجیم - دەبێت لەلایەن موتەرجیمەکەوە پڕبکرێتەوە

**4** Interpreter's full name (BLOCK LETTERS)

Family name

Given names

Address (a work address is sufficient)

Postcode

TIS number

Language

## 5 Certification

- I have accurately interpreted the contents of this Agreement to the person and checked their understanding prior to them signing.
- I am aware of the confidentiality clause under which I have been engaged and agree to not disclose any information contained in this Agreement.
- I understand the English language and the language used for interpretation and I have truly interpreted the contents of this Agreement.

**Signature of Interpreter**

Date: Year / Month / Day

## Confirmation of interpreter's details – *to be completed by the individual*

## پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی موتەرجیم - دەبێت لەلایەن کەسەکەوە پڕبکرێتەوە

**6** I, (individual's full name – BLOCK LETTERS)

من، (ناوی تەواوی کەسەکە – بە پیتی کەپیتاڵ)

through the interpretation of (interpreter's full name – BLOCK LETTERS)

لەڕێگەی تەرجومەی (ناوی تەواوی موتەرجیمەکە – بە پیتی کەپیتاڵ)

confirm that the interpreter has first declared that he/she has truly interpreted the contents of this Agreement.

پشتڕاستی ئەوە دەکەم کە موتەرجیمەکە لە سەرەتا بەیانی ئەوەی کرد کە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنەی بە ڕاستییو دروستی تەرجومەکرد.

**Signature of individual**
**واژۆی کەسەکە**

Date / ڕێکەوت: Year ساڵ / Month مانگ / Day ڕۆژ



© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018